# ئاوی بارانمان دەخواردەوە

کەریم دەشتی

(١)

من شەرابێکی سپیم، قاپم تێکەڵی تەم بووە
زۆر کەرەتان لە ڕێگاکان
جێگەم لەسەر فەرشی مەرگ ڕاخستووە
تا شیعرم گەییە ئاسمان
بەردم لەسەر بەرد داناوە
من مەستێکی سپیم، زەیتی سەرم دەسووتێنم
پێکێکم قەڵەمەو پێکێکیشم شیری خاوە

(٢)

چەند حەسوودی بە بژی ئەو ئەسپە دەبەم
کە با بە ناویا دەسووڕێ و حیلە دەبەخشێ بە خوێنیا
چەند حەسوودی بە باڵی ئەو مراوییە دەبەم
کە با لە ناویا دەخەوێ و فڕین دەبەخشێ بە ڕۆحیا
چەند حەسوودی بەو تەوارە سپییە دەبەم
کە لە شەوی تاریک و توونی قەترانی
زمانی ئاگری گرتووە و
کەوتۆتە سەمای ئازادی و جاویدانی

(٣)

وەک تەم دونیای سپی دەکرد
وەک ئاوریشم لە قۆزاخە دەکرایەوە
وەک ئاو هەڵدەڕژاو تاشەکانی دەشووشتەوە
وەک با بەسەر پشتی ئەسپ هەڵیدەکرد
کە ڕۆیشت دونیا ڕەش ڕەش داگەڕا
چرای زەمەن کوژایەوە
تۆ کێی؟ هەیبەتت سەر بە لووتکە نەوی دەکا
ڕێگاکان لە ژێر پێت دەلەرزن
ئاو لە ژێر قووڵایی سەد تەبەقەی زەمینەوە
بۆ لای تۆ هەڵدەقوڵێ و لە ناو لەپت دەنیشتەوە
تۆ کێی؟ وەک شەراب مەستی ئەبەدت کردین
وەک شەپۆلێکی شەوقنار بە ونبوونت
ئاوا بوونت لێ تەنگ کردین



(٤)

ئێمە بەیەکەوە منالّبووین، ئاوی بارانمان دەخواردەوە
ئێمە هاوسێی یەکتری بووین
سوێندمان بەسەری یەکتر دەخوارد
ئێمە بەیەکەوە دەچووینە  قوتابخانە و
گۆرانیمان بۆ یەکتر دەچڕی
لە کۆلاّنەکان شەڕە پەلکە شووتیمان دەکرد
بەیەکەوە دەچووین ئیمتحانمان دەدا و کارتمان وەردەگرتەوە
قۆپیەمان دەکرد و لەیەکمان دەشاردەوە
کتێبی یەکتریمان دەدزی و قەتاتەی یەکتریمان دەشکاند
بەیەکەوە
مورتکی شەقامی نەخۆشخانەی جمهوریمان دەخوارد
نامەی عەشقی منالّیمان
بۆ مەعشووقەکانی خۆمان دەبرد
گەورەبووین یەکتریمان ون کردو یەکتریمان نەدۆزییەوە
پاشان بەیەکەوە چووینە شاخەکان
سالّ دوانزەی مانگ نانی ڕەقمان دەخوارد
لەیەک سەنگەر بووین خوێنمان بۆ یەکتری دەڕشت
بەیەکەوە هاتینەوە شار ژنمان بۆ یەکتری مارە دەکرد
بەیەکەوە منالّمان هاتە دی ناوی کوردیمان لێدەنان
گەورەبووین و بەسالّدا چووین و هەر بەیەکەوە بووین
ئێستا ئاخ ئێستا هەر هەموومان تەنهاین
لە ناو جادە و بازاڕ و مەیدانەکاندا دەسووڕێینەوە
ئاخ هەلّدەکێشین و لە کۆستی یەکتری دەبووریێینەوە
(میهرەبانی چی بەسەرهات
میهرەبانان چوونە کوێ؟)

(٥)

دەچمە خۆرهەلاّت
ڕۆمی مالّێکی لە قامیشەلاّن دروست کردووە
لە مەنفای غوربەت گەڕاوەتەوە
لەسەر گومەزی سپی شیرازا
نالّەی جودایی دەخوێنێتەوە
چی مەل و قومری دەریای خەزەرە
هەر هەموویانی کۆکردۆتەوە

❊ ❊ ❊

دەچمەوە باکوور ئاخر من وادەم بە ورچێ داوە
لە بەفری قوتبا فەرشێ ڕابخەین
چی ڕاوچی هەیە هەمووی بانگ بکەین
تیر و تفەنگیان لێ بکڕینەوە
بۆ تاهەتایێ خەیالّی ڕاویان
وەک تەمی بەیان لێ بسڕینەوە

❊ ❊ ❊

دەچمە خۆراوا والّت ویتمان کتێبی گیای چاپ کردۆتەوە
هەندێ شاعیری هەر چوار ئیقلیمی کۆکردۆتەوە
بەسەر گۆڕەکەی ئەزرا پاوەندا
دوا ئیمزا دەکا و
کتێبەکەشی وەک مالاّوایی دەبەشێتەوە

❊ ❊ ❊

دەچمەوە باشوور بۆ دلّی شێلووی ئاوە گەرمەکان
لە ناو دارستان خێوەت هەلّدەدەم
لە گەلّ سەیابدا شەرابی خورما دەبەشینەوە
بەسواری بەلەم بۆ بورجی جیکۆر دەپەڕینەوە
بەسەر بەرزایی شانەشینەکان
سرورودی باران دەخوێنینەوە

(٦)

چەند وەستام لە ئاستانەی سپی سیماتا نەهاتی
چەند سووتام لە کانوونی گەرمی نیگاتا نەهاتی
ئەی شووشەی ئەو دلّە شکاوەم
چەند بە دوات لەت لەت بووم نەهاتی
ئەوێستاش لە تاقی ئاسماندا وەکو خۆر هەلاّتی
بووم بە خۆلّەمێشی بەر بارانی ئەبەد
دەبینی نەهاتی و نەهاتی و نەهاتی
ئەی تەونی چلچراو نەخشی خوێن
ئەی شەوقی پڕ لە نەزم و بەزم و بێن
ئەی تاوێ لە بارانی تووڕە
دلّ هات و سووڕاوە بوو بە تەم
تەم هەموو گڕی گرت
تەمتوومان ڕەویەوە
نەهاتی